


# من و خوشک و برا جمکەکەم

هۆشەنگ شێخمحەمەد

مندالێکی چاوشینم
روو بەخەندە و کەنینم
کچی گەورەی ناو ماڵم
بەتەمەنم شەش ساڵم

پێش دوو هەفتە تەنیا بووم
نە خاوەنی خوشک بووم
نە خاوەنی برا بووم...؟

کۆشی بابەی گەرم و گوڕ
سۆزی دایەی وەکو گڕ
هەردوو تەنیا بۆ من بوون
باسکیان سەرینی شەوبوون

بەڵام چبکەم، چەند رۆژە
لە دەوری دایە و بابە
بوو مەتە گوڵبەرۆژە؟!

دایکم جمکەیەکی بوو
کچێک و کوڕێکی بوو

کچیان ناونا ئاڤێستا
کـوڕیشـیـــان کـردە زەردەشت
لەو رۆژەوە تا ئێستا
کـەس پێم ناڵێ دانیـــشــە
کەس پێم ناڵێ مەوەستە!

گەر دایەیە و گەر باوە
منیان وەبیر نەماوە...،
بەوانەوە سەر قاڵن
ئەوانیش چەند خۆشحاڵن؟!

بەڵام قەینا من گەورەم
وچان ئەگرم بەوردەم
جارێ ئەوان بچکۆڵەن
سەر رووتەڵە و نەرمۆڵەن

لەباوەشی باوان بن
کە ئەوانیش گەورەبوون
دایە و بابە تێئەگەن
هەم بۆ من و بۆ وان بن!



